# لەکام روانگەوە دەوڵەتی سعودیە پشتگیری لە سوننەکانی عێراق دەکات؟

**ن. هۆشیار عەبدلرەحمان ئەمین**



ناوچەی کەنداوی عەرەبی بە یەکێک لەدەوڵەمەندترین و بە پیترین سامانی نەوتی و شادەماری ئابووری نیشتمانی عەرەبی دادەنرێت. لەرووی جوگرافیشەوە ناوچەکە پێگەیەکی ستراتیژی و بازرگانی و سیاسی خۆی هەیە، دەوڵەتی عەرەبی سعودیەش یەکێک لەدەوڵەتە نەوتیەکانی ناوچەی کەنداوە کە خاوەنی سامانێکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوتەو ئەندامیشە لە رێکخراوی (ئۆپیک) بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ وڵاتان، لە هەمانکاتیشدا خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتی ژێر زەوییە، ئەم فاکتەرانەی سەرەوە هۆکارگەلێکن بۆ ئەم دەوڵەتە کە بووەتە جێی بایەخی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، هەریەکەو بەجیا پێشبرکێ و ململانێ بۆ گرێدانی پەیوەندی دیبلۆماسی و سەربازی دەکا، بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئێستا پەیوەندییەکی باشی دیبلۆماسی و سەربازی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا هەیەو بۆ بەگژاچوونەوەی دیاردەی تیرۆری جیهانی خۆیان بەهاوپەیمانی یەکتری دەزانن لە ناوچەکەدا. لە بواری سیاسیشەوە دەوڵەتی سعودیە لەدوای میسر خۆی بەدووەمین دەوڵەتی کاریگەرو خاوەن بڕیاری سیاسی لە نیشتمانی عەرەبیدا دەزانێت. بەتایبەتی لەدوای تێکشکان و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق لە هەردوو شەڕی کەنداودا، پرۆسەی ئازادی عێراق بە پێشەنگی سوپای ئەمریکاو بە بڕیارێکی حاکمی ئەوسای عێراق (پۆل بریمەر) هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق و رژێمی بەعس بەئەنجام گەیشت.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی (1979)دا وەرچەرخانێک و گۆڕانێکی گەورەی لە ناوچەکەدا دروست کرد، هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی سەربازی ناوچەکەی گۆڕی، لەگەڵ سەقامگیری سیاسی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ستراتیژ و ئایدۆلۆژیای ئەم دەوڵەتە نوێیە بانگەوازی ناردنە دەرەوەی ئەم مۆدێلە تازەیەی ئیسلامی سیاسی بۆ ناوچەکە کرد، ئەمە زەنگێکی وریاکەرەوە لەهەمانکاتیشدا جێی مەترسی سەرجەم دەوڵەتانی عەرەبی و بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو بوو، چونکە هەریەکێک لەم دەوڵەتانە رێژەیەک لەدانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن. لەدوای خولقاندن و هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق – ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ و لێکەوتنەوەی زەرەرو زیانێکی زۆر لەم دوو دەوڵەتە، دەوڵەتانی کەنداو هاوکاری مادی و مەعنەوی دەوڵەتی عێراقیان دەکردەوو پشتگیری و پشتیوانی ئاشکرایان لێدەکرد، راشکاوانە هەڵوێستی دژ بە ئێرانیان پێشان دەدا. لەدوای داگیرکردنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی و سەربازی لەعێراق دروست بوو، ئەمەش هۆکارێکی باش بو بۆ ئێران تا بەئارەزووی خۆی هەژموونی دەزگا جاسوسی و هەواڵگری و سەربازیەکانی خۆی لەعێراقدا بخاتە گەڕو بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق وەک دەڵێن بۆ قازانجی خۆی بگێڕێتەوە، بەمەش فەوزاو پشێوی لەعێراق دروست بوو، ئاگری شەڕی تایفی کڵپەی کرد، بەوهۆیەشەوە ئەمریکا نەبرژایەسەر ئەوەی ئاوڕێ لەبەرنامە ئەتۆمیە نهێنیەکانی ئێران بداتەوە. بەوهۆیەوە بەرەو دەوڵەتێکی زلهێزی گەورەی هەنگاوی هەڵێنا، خەریکە هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ناوچەکە دروست دەکات، گومانی ئەوە هەیە پەلاماری دەوڵەتە خاوەن پترۆڵەکان بدات و بەرەو لاگیری خۆی رایانبکێشێ، لەوانەیە ئەم دەوڵەتانە بکەونە ژێر هەژموونی گوشارە سیاسییەکانییەوە.

ئێستا دەوڵەتانی کەنداو بەگشتی، سعودیە بەتایبەتی مەترسیەکی جدی لەلا دروست بووە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەرنامە ئەتۆمیەکانی تەواو بکات و ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە بەقازانجی دەوڵەتی ئێران تەواو دەبێت، هەموو ناوچەکەش وەبەر پەلاماری ئەم دەوڵەتە دەکەوێ، لەوانەیە شەڕێکی گەورەی کاولکاری دروست ببێ، روودانی سێیەمین جەنگی جیهانیش وەک یەکێ لە گریمانەکان سەرهەڵدەدا. لەم روانگەیەوە دەوڵەتی سعودیە ترسی لێنیشتووە، زۆر بەووردی و ئاگاییەوە چاودێری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و سەربازی عێراق دەکات و تێڕوانینی تایبەتی بۆ ئەو حزب و رێکخراوو میلیشیا چەکدارانەی عێراق هەیە کە هاوسۆزی و هاوکاری زۆر لەئێرانەوە وەردەگرن و لایەنگرێکی زۆریان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ئێران هەیە، بەدرێژایی تەمەنی زۆر لەو حزب و رێکخراوانە لە رۆژگاری ئۆپۆسیۆن بوونیاندا لەئێران داڵدە دراون و هاوکاری کراون. بۆیە ئێستا رۆژ دوای رۆژ رەوشی عێراق لەقازانجی تائیفەی شیعە دێتەوە، تائیفەی سوننەش لە باشووری عێراق و بەغدای پایتەختدا لەژێر هەڕەشەی پاکتاو کردندن و راوەدونان دان. زانایانی ئایینی سعودیە لە فتوایەکداو حکومەتی ریازیش بەرەسمی لەمیدیاو راگەیاندنەکانیدا راشکاوانە پشتگیری و پشتیوانی لە سوننەکانی عێراق دەکەن، رایانگەیاندووە کە ئەگەر شەڕی ئەهلی لەعێراق روو بدات ئەوان بەرگری لە سوننەکان دەکەین.

سوننەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراق دا کەمینەن، هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، سعودیەکان باش لەوە گەیشتوون کە ئەگەر هەموو سەروەت و سامانی نەوتی عێراق بکەوێتە ژێر دەستی شیعەوە، ئەوا دەوڵەتی ئێران زۆر بە ئاسانی هەژموونی هێزی سیاسی و سەربازی لەسەر باشووری عێراق کاریگەر تر و دەستکراوەتر دەبێت. بەمەش مەترسی و هەڕەشەکانی لەسەر دەوڵەتانی کەنداو رەنگ پێدەداتەوە.

ئێستا دەوڵەتانی عەرەبی، بەتایبەتی سوننەکان بۆ سەرخستنی رەوشی سیاسی و ئەمنی و سەربازی لە عێراقدا بەڵێنی پشتگیری و هاوکاری ستراتیژیە نوێیەکەی ئەمریکایانداوە، ئەمەش بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی نوێی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانە لە ئەگەری هەر پێشهات و رووداوێکی نوێ لەناوچەکەدا.

# ستراتیژیەکەی بۆش لە هەولێرەوە دەست پێدەکات

**م/ نەوزاد حسێن**

کەجەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەکۆتایی ساڵەکانی حەفتادا بەرەو کۆتایی رۆیشت، ئەمریکا هێواش هێواش لەو هاوکاری و یارمەتیانە ساردبووە وە بەرژێمی شای ئێرانی دەدا و جۆرێک لەبێ منەتی بەرامبەری پیشاندا، هەتا رادەیەکیش بەناوی دیموکراتی رۆژئاواوە جڵەوی بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێران شل کرد، دەستی بەنۆش کردنی پێکی سەرکەوتنەکانیان بەرامبەر بلۆکی رۆژهەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت کرد. پێش بینی ئەوەیان نەکردبوو ، لەدوای نەمانی رژێمی شا، ئیسلامی شیعی، توندرەو بەرامبەر بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکە دەسەڵات دەگرنە دەست. کاتێ کە خۆپیشاندان و راپەڕینەکان گەیشتنە ترۆپک و لوتکەی گەشەکردن روخانی شابوو کارێکی حەتمی بوو ، ئەوروپیەکان بەفرۆکەی فەرەنسی و لەژێر چاودێری و پارێزگارییەکی ووردا رابەرێکی ئایینی شیعە کە ئیمام ( خومەینی ) بوو گەیاندەوە تاران. تائەوکاتە بۆ گەلانی ئێران و دنیاش روون نەببوو کە کێ دەسەڵاتی دوای ئەو هەڵچوون و جەریانە وەردەگرێ، بەڵام ئەمریکیەکان هەر زوو درکیان بەوەکرد کەئەمە زەنگێکی ترسناکەو سەرەتای مل ملانێیەکی نوێیە لەنێوان ئەمان ئەورووپاو هەندێ وڵاتی دیکەی ئیسلامی و پاشکۆکانی بلۆکی رۆژهەڵاتەوە، بۆیە یەکسەر بیریان کردەوە کە پێش ئەوەی ئەم دەسەڵاتە جێگیرو بەهێزبێت، دەبێ لەناوی ببەن. ئەوکاتە سیاسەتی ئەمریکیەکان وەکو ئێستا نەبوو بەبیانووی جۆراو جۆر، بەهێزو جبەخانەی خۆیان هەڵبکوتنە سەر ماڵ و وڵاتی خەڵکی، چونکە یەکێتی سۆڤیەت ئەگەرچی لەگیانەڵاشدا بوو بەڵام هەرمابوو، هەروەها وڵاتە ئەورووپییەکانیش وەکو پێویست لەگەڵی نەبوون، ناچاربوون پەنا ببەن بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی (سەدام حسێن)و سوپای عێراقی ببەن، بەو هیوایەی کە لەوێوە کارێک بکەن کەنەخشەکەیان سەربگرێ و لانی کەم تەنازول بەو دەسەڵاتە بکەن و بەپێی بەرژەوەندییە ئەمریکی و رۆژئاواییەکان لەناوچەکە هەڵس و کەوت بکەن. بەڵام دیارە دوای هەشت ساڵی پڕلە شەڕو کوشتار ئێرانیەکان نەک نەڕوخان بەڵکو پێگەیان لەناوچەکەو جیهان بەهێزتربوو. ئینجا ئەمان کەوتنە هەڕەشەو مل ملانێ ی ئەمریکاو ئیسرائیل و دەستیان کرد بەهەنگاونان و کرانەوە بەرەو جیهان، لەناو خۆشیاندا لەرووی ئابووری و سەربازی و هەواڵگریەوە تەواو بەهێزبوون.. پلانی دووەمی ئەمریکا هاتنی خۆی بوو بەفیعلی بۆ ناوچەکە، شەڕی کوێت باشترین بەڵگەبوو بۆئەوان و پاشان رووداوەکەی 11ی سێپتامبەر بەجارێ رێگای بۆ تەخت کردن. بەڵام داچۆڕانی ئابووری و سەربازی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق، بوونە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی رای گشتی گەلی ئەمریکی و رۆشنبیرو سیاسەتمەدارەکان لەهەردوو حزبەکە دژی پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتەی (بۆش). هەربۆیە ئەویش تاکتیکێکی بەناوی ستراتیژێکی نوێ بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە راگەیاند، لەبەر ئەوەی لەروانگەی ئەوانەوە سوریا و ئێران دوو چاوگی پشێوی ناوچەکەن، بۆیە هەنگاوی یەکەمی ستراتیژەکەی لەناوچەیەکی پڕ لەئارامییەوە دژی ئێران دەس پێکرد، ئەویش بە دەسگیرکردنی ئەو دبلۆماتە ئێرانیانەی کە لەقونسوڵگەری ئێران لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانکاریان دەکرد، پێش ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدرێت، سەرجەم لێپرسراوە سەرەکیەکانی عێراق و کوردستان بەخۆشحاڵییەوە پێش وازییان کرد لەو پرۆژە ستراتیژییە وەکو بڵێی گۆچانێکی سیحرییەو هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات، کەچی لەناکاو بەبیانۆی ئەوەی کە ئەو دبلۆماتانە پاسپۆرتی دبلۆماتیان پێ نەبووە، وەکو (رایس) دەڵێ بەفەرمانی سەرۆک (بۆش) گیران، ئەنجامدانی کاری لەم شێوەیە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە لەهەر شوێن و وڵاتێکی دنیا بۆخۆی دوو رووی هەیە، یەکەمیان رازی نەبونی ئەو دەسەڵاتەیە بەوکارە لەبێ دەسەڵاتی خۆیان بەرامبەر ئەو هێزە دەرەکی یە، کەئەوەش نیشانەی پێشێلکردنی سەروەرییە نشتمانیەکانە. دووەمیشیان لاوازی دەسەڵاتی هەرێمەکەیە بەرامبەر ئەوجۆرە دبلۆماتانە بۆیە ناچار دەبێ پەنا بۆ هێزێکی دەرەکی ببات تا چارەسەری کێشەکەی بۆ بکەن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەر تەسلیم بوونە بەئیرادەی ئەو هێزە دەرەکی یە، کە لەکۆتاییدا رەنگە زیانێکی گەورە لە پەیوەندیە دەرەکییەکانی هەرێمەکەدا بدات. هەنگاوی دووەمیش هەر لەهەولێرو کوردستانەوە بوو کە داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد هێزی پێشمەرگە رەوانەی ناوەڕاست و باشوری عێراق بکەن، ئەویش بۆخۆی دیسانەوە کۆمەڵێ زیانی هەیە بۆسەر هەرێمی کوردستان، لەلایەک نیشانەی ئەوەیە کەهەرێمی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لەعێراق و لەهەرکوێ پێویست بکات دەبێ ئەمانیش ئامادەبن لەوێ و باسی سەربەخۆیی نەکەن، لەلایەکی دیکە ترسێکە بۆ تێوەگلانی کورد لەو شەڕە ناوخۆییە مەزهەبیەی کە ئێستا لەعێراق بەردەوامەو هیچ پەیوەندیەکی بەکوردەوە نیە.



هەرچەند (رایس) دەڵێ: دەبووایە بەسەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بگوتایە ئێوە ئەوکارە ئەنجام بدەن یان چارەسەری بکەن، بەپێی بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمیش بێت ئەوە پێشلکارییەکی یاسایی سەروەرییەکانە، باشە ئیتر کورد دەبێ لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا کێش و بەهای چەندبێ کەوەکو داشی شەترەنج یاری پێ دەکەن.؟

ئایا رۆڵی سیاسەتمەدارو سەرکردە کوردەکان چییەو تاچەندێ تواناى کاریگەریان لەم رەوشەدا هەیە.؟

بەرای زۆرێک لەسیاسەتمەدارو پێکۆڵەروان یەکگرتنی بەهێزترو شەفافیەتی سیاسی و کرانەوەی زیاتر لەگەڵ وردو درشتی ناوخۆی کوردستان بەحزبەکانیشەوە تاقە زامنی سەرکەوتنی کوردو دەرباز بوونیەتی لەم حاڵەتە.

# سەرۆکێ نەتەوی ئەوە یێ کو سەرخۆبوونێ رابگەهینت!!

**فەهمی سلێڤانەیی**



گەر ئەم سەیری هەر تشتەکی بژیان بکەین لسەر رویێ ڤێ جیهانێ، ژبۆی رێکخستنا کارو بارێن نەژادێ خوە، دێ بینین رێبەرەک وەکو سەرکێش هەبویەو هەیە، هەر وەکو بالندە و گیانەوەرو نمونێ هەرە گرنگ مێشا هەنگڤینی یە. دڤی واریدا گەر ئەم سەیری هەمی نەتەوێن جیهانێ بکەین برێزگرتنا سەرۆکەکی گەهانە چارەنڤیسێ خوە. دیسان نمونەێن وەکو هوشمینێ لێتنامێ زۆرن کو گەلێ وی تائیرۆ سوژدە بۆ وی سەرۆکی دبەن. دیسان دیرۆکا وان سەرکردا کرینە پەندو چیرۆک و سەربۆر د قوتابخانێن خۆدا مفاژێ وەرگرتن. تەنها ئەم وەک کورد نەگەهاینە چ قۆناغاو تا ئیرۆ. گەر هات و مرۆڤەک رابی سەر پیا، زانی دوو پەندا یان چیرۆکەک ژمێژووا وان سەرکردە یێن بیانی دێ خوەژی بسەر کردە ئینتە زمان و هەلبەست و ئاوازا ببەژنو باڵا خوە و مێرانیا خوە بێژت، لە ورا ئیرۆ سەرۆکێن مەیێن نەتەوی و نمونەیی زۆرن و بوینە ئاستەنگ و رکەبەر بەرامبەری دۆزا نەتەوا کورد. هەلبەت ئەگەرێن ڤێ نەخوەشێ زۆرن، ناخوازم بدرێژی خوە دناڤ وان لاپەرێن دیرۆکێ دە بەردم، بەلێ یافەرە باوەشینەک لسەر چەند لاپەرەکا بدەین، ئەوژی یێن رەشن: نەبونا یەک هەلوێستیا نەتەوا کورد نەقەبیلکرنا یەکترو وەرنەگرتنا سەرۆکەک نەتەوی یان نمونەیی. ئەڤەژی ڤەدگەریت سەردەمێن فتوحاتێن ئیسلامی و شەرێن ئیماراتا دناڤ گەلێمەدا، بتایبەتی دناڤبەرا بەهدینان و سۆران دە. دەما کو میرێ کۆرێ رەواندزێ هێرش بریەسەر میرێ بەهدینان و خوە بسەرکەفتن ئینایە زمان و گەها زاخۆو بەرەک ژپرا دەلال دەرخست کە نیشانا سەرکەفتنا وی بو کو دناڤ لاپەرێن خویناویدە بهێلت کە قەهرەمانەک برا کوژێ بویە بکوشتنا کوردێن مسڵمان و ئێزدی. جهێ داخێیە کو بێژم ئەم کورد هەردەم بەرانبەری یەکتر مێرخاس بوی. ئەڤ دیاردە هەتا ئیرۆ بەردەوامە، دژی هەستی نەتەوەیی و بەرژەوەندا گشتی یا نەتەوا مە یاکورد،کو هەردەم بەرژەوەندا تائیفەو ئۆل و هۆزا خوە دپاراستن بەرامبەری یەکتر کو تەنهابمینن سەرۆک. ئیرۆ ئەم گازندا ژوی چەرخێ ڤەمای دکەن. هەر بوی ئاوایی رەخنامە لسەر سوننە و شیعابویە، ئەم دبێژین شەرێ وان ڤەدگەریت ژبۆ سەردەمێ ئیمام عومەرو ئیمام عەلی . لێ ئەمێ رەخنێ لخوە ناگرین کو ئەمژی هەتا ئیرۆ داخبارو نەخوەشێن وان شەرێن ئیماراتا بوینە.

سلاڤ لسفراحازرا چیە؟ فەرە ئەم ئیرۆ بکەین کو رێز بۆ یەکتربگرین و کەسەکێ خودان ئیرادە و جەماوەرو دیرۆک و خودان سەربۆرەکا مەزن وشۆرەش و کارێن سیاسیی و کوردایەتی دە کو بۆچۆنێن وی بگونجن دگەل کاودانێ ئیرۆیێ جیهانێ و گوهارتنێن خۆدی و بابەتی. ئەم هەمی وی بکەینە سەرۆکەک نەتەوی و بدەینە پێش. کی هەیە ڤێ راستیێ بەرچاڤ دە ینت کو بزمارەکێ دچاڤێ خوە رەبینت پاشێ رەخنێ ل چاڤێ دی بگرت یێ کوستریەک تێدابێ. ئیرۆ ئەم نەگەهاینە قۆناغا سەرخوەبونێ کو ئەم هەمی سەرۆک بین و پەیڤا دیموکراسی بونێ بکەینە چەکێ پاراستنا بەرژەوەندا خوەیا تایبەت و بناڤێ شەرێ دیکتاتۆری وێ رێ نەدەینە کەسەکی دی کو بجدی سرۆکاتیا ڤێ نەتەوێ بکات، دسەردەمێ ویدا سەرخوەبونا باشورێ کوردستانێ رابگەهینت و هێزەک لەشکەری و ئابوری بدەسڤە بینت. لێ دیسا بەرژەوەندێن ستراتیژی تێکەلی دەولەتێن زلهێز دکەن. دبێژن دەرفەت هەل نەهاتییە بۆ راگەهاندنا دەولەتەکا سەربخۆ! بەلێ ئەگەر ئەم سەیری دەولەتێن جیهانێ بکەین دێبینین ( 25)دەولەت بێ هیچ هێزەکا لەشکەری دەولەتن و خودان سیادەنە. ئەڤەژی ناڤێن وان لخوارێ دهێتە دیارکرن:

(1) ئەندۆرا: حیمایا وێ فرەنساو ئەسپانیا دکەن. (2) باربیدۆز: تەنها هێزا پاراستنا نافخۆ هەیە. (3) کۆستاریکا: دەستۆرێ وێ رێنادەتێ کو هێزەکا لەشکەری دامەزرینێت هەر لسالا/1949. (4) کۆمارا دۆمەنیکان: بەربەستکرنا دامەزراندنا لەشکەری هەر لسەردەمێ ئینقیلابا ساڵا/ .1981 (5) گرینادا بەربەست هەبو ژ ئالێ ئەمەریکا ڤەکو لەشکەری دامەزرەنت هەر لساڵا /1983. (6) هایتی: لەشکەرێ خوە هەلوەشاند هەر لەساڵا /1995. (7) ئایسلەندا: لەشکەرنینە هەرلساڵا /1859 ژ بلی کوئەندامە دگەل ناتۆ . (8) کیریباتی: دەولەتەکا بچوکا لئۆقیانوسا هادی ئەمریکاو بریتانیا بۆسەربۆرێن ئەتۆمی بەکارتینن . (9) لیختنشتاین: لەشکەرێ خوە هەلوەشاند لساڵا /1868 پشتی کوزانی دێ لسەر تەکلیفبێت. (10)- دۆرگا مارشا ،ویلایەتی یەگرتوو وان دپارێزت. (11)-دۆرگا مورشیون،تەنها هێزا پۆلیسان وان دپارێزن هەرلساڵا1968 . (12) مایکرۆنیسیا، ویلایەتا یەکگرتۆ واندپاریزت. (13)-مۆناکۆ ، فرەنسا وان دپارێزت، (14) نۆرۆ، ئستراليا وا دپارێزت. (15) بالۆ، ویلایەتا یەگرتوو وان دپارێزت. (16) پەنەما،لەشکەری خوە هەلوەشاند لساڵا/1990. (17) سان مارینۆ، تەنها پۆلیس و پاسەوانێن سنوری هەنە. (18) دۆرگا سۆلۆمۆن، توشی شەرێن تائیفی بو تاکو ئستراليا دەست تێوەردان کری . (19) ساندکایتس و نیڤس ،تەنها هێزا پاراستنا نافخۆ هەیە. (20) –سانت لوشیا، هێزا نافخو هەیە. (21) سانت فنسنت و گرینادین، هێزا نافخۆ هەیە. (22) ساموا، نیوزلەندا وان دپارێزت. (23) توفالو، تەنها هێزا پۆلیسا هەیە. (24) فان واتۆ، هێزەکا لەشکەری گەرۆک هەیە . (25) ڤاتیکان، تەنها زرەڤانێن سویسری هەیە.

ئەڤ دەولەتانە نمونەیێن بەرچاڤ و زۆر گرنگن کو ئەمژی دەولەتا خوە یا کوردستانێ بگەهینین رێزا بیست و شەشان. بەلێ بەرفرەهیا سەرکردەین کوردێن هەندە زێدە و ناکۆکی یا وان وێ رێ نادەتە ڤێ چەندێ.